**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوكمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، لە دانیشتنی ژمارە (14)ی رۆژی (2007/10/22) یدا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە( 27 )ی ساڵی / 2007
## هەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی ژمارە (4)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

برگەی سێیەم لە ماددەی پێنجەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:ـ

3- ئامادەکردنی بەرنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و پیشەیی و فێرکردنی گەوران و هۆیەکانی و کتێبی خوێندن، لەگەڵ ئامادەکردنی شێوازی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان بۆیان ، تاکو سیاسەتی پەروەردەیی و پلانەکانی بەدی بهێنرێن و پەرە بە هەموو ئەوانە بدات بە پشت بەستن بە باسی زانستی و لێکۆڵینەوەکان.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی شەشەم لە یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

**یەکەم:** فێرکردنی گشتی بۆ تازە پێگەیشتووان لە دوو قۆناغی سەرەکی رێك دەخرێ کە ئەمانەن:

1-قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی و ماوەی خوێندنەکەی (نۆ) ساڵە.

2- قۆناغی فێرکردنی ئامادەیی و ماوەی خوێندنەکەی (سێ) ساڵە.

**دووەم:** باخچەکانی ساوایان: پێش قۆناغی فێرکردنی بنەرەتی دەکەوێ و رێ خۆشکەریەتی.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە قوتابخانە بۆ فێرکردنی بنەڕەتی ماوە کورت تر دابمەزرێنێ بۆ ئەوانەی لە تەمەنی فێرکردنن و لە چوونە بەرخوێندن لەو قۆناغە (تەمەنی 10-18) ساڵی دواکەوتوون و دەشێ قوتابخانەکە بەشێك لە قۆناغی فێرکردنەکە بگرێتەوە بە رەچاوکردنی تەمەنی تاز پێگەیشتووەکان و باری ژینگە و پێویستییەکانی ئابووریی فێرکرنەکە.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی هەشتەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:ـ

**یەکەم :** فێرکردنی بنەڕەتی گشتی و یەکگرتووە بۆ هەمووان و منداڵ ومێردمنداڵان وا لێ دەکات کە ئامرازی زانیاریی بنەڕەتی وبنچینەکانی رۆشنبیریی وەرگرن و ئارەزوو و توانایان دەربخەن.

**دووەم:** خوێندنی ئامادەیی گشتی و هەمە جۆرە، ماوەی فراوانبوونی رۆشنبیریی و پێشکەوتن پێ بە پێ دەدات بۆ وەدەست هێنانی پسپۆڕی زیاتر لە بوارەکانی زانیاری و مەشق کردن لەسەر پیادەکردنیان تاکو بشێن بۆ ژیانی زانستی و بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی بالا لەگەڵ گرنگی دانی تایبەتی بە بەهرەداران.

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی دەیەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:ـ

**یەکەم:** فێرکردن لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بە خۆراییە لە قوتابخانە فەرمیەکاندا ، هەروەها لە پەیمانگاو مەڵبەندە فەرمییەکانی کە لە ماددەی دوازدەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی تەوزیمیە بۆ ئەوکەسانەی کە لەسەرەتای ساڵی خوێندن یان لە (31)ی مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵە شەش ساڵ لە تەمەنیان تەواو دەکەن.

**ماددەی شەشەم:**

هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی پازدەمی یاساکە هەمواردەکرێن و بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە:ـ

1- مەرجە ئەو کەسەی بۆ فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان دادەمەزرێ بە شێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی ئامادەکرابێ و واپەسندیشە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، بە تایبەتیش دەرچووانی کولێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی.

2- مەرجە ئەو کەسەی بۆ دەرس گوتنەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکان دادەمەزرێ، لە یەکێك لە کۆلێجەکان دەرچووبێ، پسپۆڕبێ لە یەکێك لە مەیدانەکانی خوێندنی ئامادەیی و بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی ئامادە کرابێ و دەرچووی کۆلێجەکانی پەروەردە پەسندترە.

**ماددەی حەوتەم:**

هەردوو بڕگەی شەشەم و هەشتەم لە ماددەی بیست و یەکەمدا لە یاساکە هەمواردەکرێن و بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:ـ

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**مادده نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بلاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە ( 34 ) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا**